پشکۆنەجمەدین

# پاڕانەوە

وەک سپێتیی جەستەی ژنێک رووسپیی دیوانم بکە!
مینا سووریی گوڵی مەمکێ رووسوورم کە...
خودایە!.
لەبەر ئەنفالی بەعسدا نەچەمیم من...
نەڕچیم من لەبەر تۆفانی مەنفادا...
تۆ خۆت شایەت بووی خودایە!...
تۆ وا بکە:
لەبەر شالاْوی مەمکێکدا
تێک بشکێم من!.
لە سەنگەری سینەیەکدا،
ئالاْی تەسلیمبوون هەڵبکەم!.
من لە زیندانی (ئاه)ێکدا،
هەتا ئەبەد زیندانیی بم!.
ئامین... یا ئەڕحامولڕاحمین!!.

# ئۆرگازم

پێکێکی بێ مەزە، زمانم لە زمانت دەئالێ،
گێلاسن گۆی مەمکت بە چلێ دەستمەوە،
گوڵدانی ئارەزووت دەخەملێ....
هەڵدەکا زریانێک لە مندا، لە تۆدا چەخماخە!...
ساتێک و رۆح ئارام...
جەستەمان شەلاْلی خۆشاوی ئەوین و
چەرپاکە بێدەنگ و
چراکەش، چاوانی لێک دەنێ!.